
# گێژاوی کۆچکردن لە عێراق




عبدالرحمن محمد
rahman_awarekan@hotmail.com



ئەمە نەخشەی عێراقە ،کە سێ ڕەنگی جیای لە خۆ گرتوە (شین ،زەرد ،سەوز) پێشتر ئەم ڕەنگانە نیشانەی جوگرافیای سروشتی سەر زەوی ئەم وولاتە بوون ،ناوچە شاخاویەکان و دەشتیەکان و بیابانیەکان ،خەڵکی عێراق ئازاد بون لە هەر بستێکی ئەم وولاتەدا بتوانن نیشتەجێبن و کار بکەن و بخوێنن .شارستانیەتی ئەم وولاتە جێگە دەستی هەموو نەتەوەو مەزهەبە جیاجیاکانی پێوە دیارە(لە هەندێک کاتدا دەسەڵاتە شۆڤینیستەکان تەنها مۆرکی نەتەوەی سەردەستیان یان دەسەڵاتداریان بەم شارستانیەتەوە ناوە ) ،ئێمە باسەکەمان لە سەر جوگرافیای سروشتی یا سیاسی نیە لە عێراقدا ،باسەکەمان لە سەر وەزعیەتێکە کە لە عیراقدا ئەمڕۆ دەگوزرێت،لە ئاوارەیی و مەرگی ڕۆژانەی خەڵکی مەدەنی و بێکاری و نائەمنیەت و پێشیلکاری ئازادیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و داگیرکاریەوە، دەسەڵاتێک کە لە سەر بنەمای مەزهەبی و نەتەوەیی و عەشیرەتی دامەزراوە،ئەو دەسەڵاتەی کە ڕەسمیەتی داوە بە نەتەوەپەرستی و مەزهەبپەرستی و عەشیرەتپەرستی، کە لە دنیای ئەمرۆدا نیشانەی شەرمەزاریە ئەم شیوازە لە دەسەلات ،لە وەزارەتەکان و پەرلەماندا سیاسەتەکانیان و پیلانەکانیان بە گوێرەی بەرژەوەندی تایبەتی گروپەکانیان و میلشیاکانیان دادەڕێژرێت،بۆیە بەرئەنجامی چوار ساڵ لەم دەسەڵاتە تەنها کوێرەوەری و ماڵ وێرانی بووە بۆ خەلکی عێراق، ئەوەی حیسابی لە سەر ناکریت بەرژەوەندی گشتی خەڵکی عێراقە،هەر

کێشمەکێشیکی نێوان ئەم لایەنانە لە سەر داهات و پارەو پول و دوارۆژی میلیشیا چەکدارەکانیان و وابەستەیان بە وولاتانی ناوچەکەوە و دەیان کێشەی لەم جۆرە ،هەزاران کەس لە خەلکی ئەم وولاتە رۆژانە دەبنە قوربانی ئەم سیاسەتانە،لە تەقینەوەو شەڕی میلیشیاکانی ئەم ئەحزابانە لە نێو گەڕەکەکان و سەربڕینی چەندەها خێزان، لە سەر پێناسەی میللی و مەزهەبی و ناوچەیی ،بۆیە هیچ ڕێگایەک لە بەردەم خەلکی عێراقدا نەماوە، یا دەبێت بکوژێت یان بکوژریت یان کۆچ بکات ،بگرە چەندەها ئەحزابی عێراقی لەم نێوەدا مۆرکی نەتەوەی و مەزهەبی نا بە ناوچاوانی خۆیەووە،بە مانایەکی تر رەوەندی کێشمەکێشەکان ئەوەندە قوڵ بوەتەوە ئاسۆی دەربازبوون لەم وەزعیەتە زۆر لاواز بووە،وەزعیەتی عێراقیکی یەکگرتوو کە بتوانریت لەو چوارجیوەدا ئەم پێکهاتانە بگرێتە خۆی،بۆیە ڕەوەندی ڕوداوەکان بەرەو پارچە پارچە کردنی عیراق دەڕوات،بەلام جوگرافیای ئابووری عیراق بە شێوەیەکە کە دابەش بوونی سەرچاوە ئابووریەکان کە بە ڕادەی یەکەم بیرە نەوتەکانە فاکتەرێکی بنەرەتیە لەم پێکەوە لکاندنە ئیجباریە،هەروەها فشاری وولاتانی ناوچەکە بە تایبەتی تورکیا و ئیران دژ بە دامەزراندنی دەولەتێکی کوردی،لەسەروی ئەمانەوە فشاری رەوتێکی دەمارگیری قەومی عەرەبی کە هیج حسابێک بۆ بۆ بەرژەوەندی خەلکی عێراق ناکات، تەنها سنوری نیشتمانی عەرەبی لا پیرۆزە. هەر بە پیی ئامارەکان چوار ملیۆن عێراقی ئاوارەی ولاتانی دەوروبەر بونە ،ئەگەر تەماشای ئەو نەخشەیەی سەرەوە بکەین کە گێژاوێکمان پیشان دەدات یان جەمسەرگیریەک(قوطببەندیەک) کە نەتەوەکان و مەزهەبەکان لە یەک جیا دەکاتەوە و (کەلە کاتێکدا لە یەک کۆمەڵگادا ئاویتەی یەک ببون) بە مانایەکی تر کەسێکی( شیعە) دەبیت لە جیگەیەکدا کە زۆربەی (سونە) مەزهەبە بە جێی بێڵێت و بچێتەوە باوەشی میلیشیا چەکدارەکانی بەدر و مەهدی،بۆ ئەوەی کە زەمانەت بکرێت و گیانی خۆی و منداڵەکانی بپارێزرێت،بۆ کەسێکی (سونە )مەزهەبیش هەر وایە،بۆ کوردێکی نیشتەجیی بەغداو رومادی و خواروی عیراق هەر وایە ،دەگەڕێنەوە باوەشی یەکیتی و پارتی،لە بەر ئەوەی ناوم ناوە (گیژاوی کۆچکردن لە عێراق )هیچ کەسێک لەم کۆچکردوانە لە سەر ئارەزوو و خواستی خۆیان نیە، یان بڕوا بوون بەم لایەن و ئەحزابانە نیە کە ئیدیعای رابەرایەتی و ڕزگاری و دابین کردنی ژیانێکی ئاسودەو خۆشگوزەرانیان بۆ دەکەن،لە جێگەی تازەی نیشتەجیبونیاندا دەبنە هێزی کارێکی هەرزان لە بازاری کاردا یاخود دەبنە سوتەمەنی بەرژەوەندی تایبەتی میلشیا چەکدارەکانی ئەم ئەحزابانە. لەو نەخشەییەدا (بازنە زەردەکان)نیشانەی کۆچکردنی خەلکی سونە مەزهەبە بۆ ئەو ناوچانەی کە سونە مەزهەبیان زیاترە،(چوارگۆشە زەردەکان)ئەو جیگایانەن کە تیایدا دووبارە نیشتەجێ دەبنەووە.

(بازنە سەوزەکان) نیشانەی کۆچکردنی خەلکی شیعە مەزهەبە بۆ ئەو ناوچانەی کە شیعە مەزهەبیان زیاترە،(چوارگۆشە سەوزەکان) نیشانەی ئەو جێگایانەن کە تیایدا دووبارە نیشتەجێ دەبنەووە ئەمەش دووواین ئامارەکانی وەزارەتی کۆچی عێراقە کە نیشانی دەدات لە بەر نەبوونی ئەمن و ئاسایش کۆچ کردنی خەڵک ڕوو لە زیاد بوونە ،ژمارەی ئەو خیزانانەی کە لە پارێزگاو ناوچە جیاجیاکانی عێراقەوە دووچاری کۆچکردن بوونەتەوە(بێجگە لە شارەکانی کوردستان) گەیشتۆتە 26858 خێزان تا کۆتایی ساڵی 2006